# ڕامانی کوردستانیان سەبارەت بە بۆچوونەکانی مالکی دەگوازینەوە



دوای ئەوەی نوری مالکی بۆچوونەکانی خۆی بۆ بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندو هەموارکردنی دەستووری عێراق و پێکهێنانی هێزەکانی ئیسناد خستە ڕوو، زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دژ بەو بۆچوونانە هەڵویستیان گرت، بەڵام بۆ وەرگرتنی ڕامانی خەڵک سەبارەت بە دوایین داخوازی و بۆچوونەکانی نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە پێویستمان زانی ڕای کوردستانیان وەربگرین و لەڕێ هەفتەنامەی ڕۆژی گەلەوە بۆ خوێنەرانیان بگوازینەوە.

**مامۆستا دڵزار** وەک خوێنەرێکی بەردەوامی ڕۆژی گەل پێیوابوو کە نوری مالکی پشتی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران بەستووە، ئیدی لەخۆی بایی بووە، پێیوایە دەتوانێ حکومەتێکی ناوەندی بەهێز دروست بکات، هەروەها بۆ ڕازیکردنی دڵی سوننەکان و ڕاکشانیان بەلای خۆی، هەوڵ دەدات باس لە هەموارکردنی دەستوور بکات، چونکە ماوەیەکی زۆرە هێزە سوننەکان و زۆرێک لە کەسایەتیە سوننەکان داوای هەموارکردنی بەشێک لە بڕگەکانی دەستوورو گۆڕینی هەندێک بڕگەی دەکەن، بەڵام باوەڕ ناکەم سەرکەوتوو بێ، چونکە ئەو باڵەی حزبی دەعوە کە نوری مالکی سەرۆکایەتی دەکات هێندە بەهێز نیە، هەربۆیەش بەبیانۆی پاراستنی ئاسایش وهێمنایەتیەوە هەوڵ دەدات لەڕێگەی پێکهێنانی هێزەکانی ئیسنادەوە خۆی بەهێز بکات، ئەو دەزانێت کە خەڵکی عێراق دووچاری گرفت و کێشەی ئابووری بوونەتەوە، بێکاری باڵای خۆی بەسەر وڵات داکێشاوە، ئەمەش هاندەرێکە تا سەرۆک هۆزەکان بتوانن خەڵک لە دەورەی خۆیان کۆبکەنەوەو ناچاریان بکەن کە دەنگ بۆ لایەنێکی دیاریکراو بدەن، بەڵام باوەڕ ناکەم کە کوردی پارێزگاکانی کەرکوک و موسڵ و دیالە بە ئاسانی بەپیل بانگەوازەکەی مالکیەوە بچن، هەرچەندە ئەمە شتێکی موتلەق و ڕەها نیە، بەڵام ئاسانیش نیە. هیواخوازم کە دەستەڵاتدارانی کوردستان شان نزمی بۆ حکومەتی ناوەند نەکەن و ڕێ نەدەن بۆچوون و داخوازیەکانی مالکی جێ بگرن.

**خاتوو هەیبەت محسن** فەرمانبەر لە دامەزراوەیەکی دەوڵەت سەبارەت بە بۆچونەکانی مالکی گوتی: 'ئەوە خەتای خۆمانە کە ڕێگەمان داوە ئاوا مالکی لێمان پاشگەزبێتەوە، ئاخر ئەگەر کورد نەبوایە، دەمێک بوو سوننەکان ئەویان لەسەر کار لادابوو، ئێستا لام سەیرە کە ڕەخنە لە بۆچونەکانی دەگرن، مەگەر کورد بۆ خۆی کورسی دەستەڵاتی پێشکەش بە مالکی نەکردووە؟! کورد توانی جەعفەری لابدات ، ئەی بۆ ئێستا ناتوانێ مالکی لابدات؟! وەڵامی ئەم پرسیارەش زۆر ئاسانە، لیستی هاوپەیمانی کوردستان نایەوێ دڵی ئەمریکاو ئێران لەخۆی بڕەنجێنێ، دەنا لادانی مالکی وەک ئاو خواردنەوە وایە"

کاک **حەکیم عەباس** فێرخوازی زانکۆ سەبارەت بە بۆچونەکانی مالکی پێیوابوو کە مالکی لەخاڵی هێزەوە ئەو بۆچونانەی دەردەبڕێ و ئەو داخوازیانە دەکات، ئەو دەزانێ کە پێگەی کورد لەسەر ئاستی هەرێمایەتی بەرەو لاوازی دەڕوات، بەتایبەتیش کە ئێستا ئەنقەرەو تاران بۆ کەم کردنەوەی دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان هاوهەنگی و هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن و بەجووتە پشتیوانی لە حکومەتی نوری مالکی دەکەن.

ئەو فێرخوازەی زانکۆ درێژەی پێدەداو دەڵێ: 'ئەگەر نوری مالکی پشتی بە هێزێکی دەرەکی ئەستوور نەبێ، هەرگیز دەم لەم بابەتانە ناکوتێ، بەڵام دەزانی کە هاوسۆزی باشی بۆ پەیدا بووە، هەستیش بە بێ بەرنامەی کورد دەکات و دەزانی کە لە دانوستاندندا هێندە لامل و سەختگیر نین و زوو نەرم دەبن، هەروەها سەنگەری ناوەخۆی کوردستانیش درزی تێکەوتووە، حکومەتی هەرێم نارەوایەتی لەبەرانبەر فێرخوازان و دەرچوانی ئامادەیی و زانکۆکاندا دەکات، دەنا باوەڕ ناکەم کەسێک لە پۆستی سەرۆک وەزیران دابێ و بیر لە ئاکامەکانی ئەو بۆچوونانەی نەکاتەوە؟!"

بێگومان کوردستانیان هاورامان نین، ئەمەش لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگری، بۆ گواستنەوەی ڕامانی زیاتر داوای بۆچوونمان لە **کادرێکی** لایەنێکی سیاسی کوردستانی کرد، ئەویش بەم شێوەیە ڕامانی خۆی دەربڕی: ' هەڵبەت سەرکردەکانی کوردستان زۆر باش مالکی دەناسن، ئەمەش وایکردووە کە هێندە بایەخ بە بۆچوونەکانی نەدەن، ئەوان دەزانن کە هاوسێکانمان بە هێزی کلکیان ئێسقان دەشکێنن، بۆیە هەوڵی هێورکردنەوەی دراوسێکان دەدەن و وەڵامی مالکی نادەنەوە، بەڵام ئەمە دەرفەتێکی زۆر باشە تا کوردیش داخوازیەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بخاتە ڕوو، بەرپرسیارێتی بەیەکەوە نەژیان لە ئەستۆ نەگرێ، چونکە ئەگەر مالکی لەسەر بۆچونەکانی خۆی سور بێ، ئەوە ڕەوایەتی بە هەڵوەشانەوەی عێراق دەدات، چونکە عێراقی نوێ بە تەوافق دروست کراوەتەوە، ئەگەر مالکی یان هەر دەستەڵاتدارێکی دیکە بیەوێ بە سەر دەستووری نوێ باز بدات، واتە دەیەوێ عێراق پارچە پارچە ببێ، بێگومان پارچە بوونی عێراق لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد دایە، ئەوکاتە کوردیش دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ڕادەگەیەنێ، بۆیە من هێندە ترسم لە بۆچونەکانی مالکی نیە!"

کادری لایەنێکی دیکە کە بەردەوام ڕەخنە لە کارەکانی حکومەتی هەرێم دەگرێ، سەبارەت بەم بابەتانە گوتی: ' ناڵێم دەستی مالکی خۆش بێ، بەڵام ئەمە باجی ئەو سیاستە سازشکاریەیە کە سەرکردەکانمان دەیکەن. ئەگەر هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە سەرکردایەتی سیاسی نەرمی نەنواندبایەو بۆ دامەزراندنەوەی عێراق کاری نەکردبایە، نە عێراق دروست دەکرایەوە، نە مالکیش دەهاتە سەر حوکم! مالکی ئێمەی کوردی ناسیوە بۆیە بێ منتە، سەیر بکەن چۆن هێزەکانی خۆی لە نەفت خانە جێگیر کرد، چۆن بڕیاری لابردنی ئەو کوردانە دەدات کە پۆستی بەڕێوەبەرو بریکاری وەزیریان وەرگرتووە؟! ئەگەر هەست بە هێز نەکات، چۆن داوای گۆڕینی دەستوور دەکات؟ مەگەر نازانێ کە کورد بۆ داڕشتن و تێپەڕکردنی ئەو دەستوورە قوربانی داوە و خەباتی کردووە؟'

بەگوازتنەوەی ئەو ڕامانانە بۆمان دەردەکەوێ کە شەقامی کوردستان هۆشیارە، وێڕای ئەوەی کە زۆرجاران باس لە نوستویی و بێ ئاگای جەماوەر دەکرێ، بەڵام وەرگرتن و گواستنەوەی ڕامانی خەڵک هیواکان گەشتر دەکەن و ورەو بڕوا دەبەخشن و پێمان دەڵێن کە کۆمەڵی کوردەواری چاوی لە ئاسۆ بڕیوەو توانای ئەوەی هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، بەڵام بەدوای دەرفەت و هەلێکی باشتردا دەگەڕێ.

ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵ، یان چین و توێژە جۆراوجۆرەکان هەست بە ڕەوشی ناوەخۆو دەرەکی بکەن، ئەگەر خوێندنەوەیان بۆ هاوکێشەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی بێ، ئەگەر لێکدانەوەو ڕەفتارکردنیان بەمەبەستی بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵ و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان بێ، نائومێد نابێ و خەون و حەزەکانی خۆی وەدەست دێنێ. ئەگەر ڕۆشنبیرانی هەر گەل بەرژەوەندی نیشتمان لەبەرچاو بگرن و لەسەرووی بەرژەوەندەکانی خۆیان دابنێن، ئەو گەلە بە زیندوویی دەمێنێتەوە، نیشتمانەکەش ئاوەدان دەبێتەوە.

دوای وەرگرتنی ڕای ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵی کوردستانی کە ئێمە نەمانتوانی هەموویان گوازینەوە، بۆمان دەرکەوتووە کە ئاستی سیاسی و ڕۆشنبیری بەرەو هەڵکشانە، ئاکامەکانی ئەو وریابوون و هۆشیاربوونەوەیەش لە داهاتوودا بەدەر دەکەوێ و بەرهەمەکەی بۆ نەوەی داهاتوو دەبێ. بەوهۆیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەوەکەمان زۆر لێبڕاوانە بەرەو ئاسۆ ڕێ گرتووەو ڕۆژی گەیشتنیش بە لووتکەی بێوەیی نزیک بۆتەوە.

**ئامادەکردنی: سازان و شازین**

---

# کچێکی بەریتانای گفتوگۆیەکی بەرفراوان سەبارەت بە مافی نەخۆش بۆ کۆتاکردنی ژیان دێنێتە ئاراوە

کچێکی بەریتانی کە هێشتا ١٣ ساڵی تەواونەکردووە گفتوگۆیەکی فراوان و گەرم دروست دەکات نەک لە بەریتانیا بەتەنها بەڵکو لە تەواوی جیهان. پوختەی مەسەلەکەش ئەوەیە کە ئایا نەخۆش مافی ئەوەی هەیە ژیانی خۆی کۆتایی پێبێنێت بەتایبەتیش ئەگەر بێتو نەخۆشەکە کەم ئەندام بێت؟ درێژەی بابەتەکەش ئەوەیە " هانا جۆنز" کچێکە لە تەمەنی پێنج ساڵیەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن دەبێت و لە ئەنجامی خواردنی ماددەیەکی دژە نەخۆشیەوە کونێک دەکەوێتە دڵیەوە. ئێستا هانا ئەوە ڕەتدەکاتەوە بچێتە ژێرباری نەشتەرگەری چاندنی دڵەوە بەبیانووی ئەوەی دەیەوێت چێژ لەو ساتانەی ژیانی ببینێت کە لەبەردەمی ماوە، چونکە باوەڕی وایە ئەو نەشتەرگەریە پڕیەیەتی لە ڕیسک.

ئەوەی بووە جێگای بایەخی ڕاگەیاندنی بەریتانی ئەوەبوو کە " هانا " توانی قەناعەت بە بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانە بهێنێت کە ئەو نەشتەرگەرییەی بۆ ئەنجام نەدەن. هەروەک ڕۆژنامەی ئیندیپێندت دەنووسێت کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ توانی ئیدارەی نەخۆشخانە ڕازی بکات بەوەی واز لە ئیجرائاتی یاسایی بهێنن بۆ ئەنجام دانی نەشتەرگەری چاندنی دڵ کە دەیانویست بەشێوەیەکی کاتی مافی چاودێریکردنی " هانا " لە دایک و باوکی وەربگرنەوە و بیخەنەژێر نەشتەرگەرییەوە بەبێ ئەوەی خۆی ڕازی بووبێت.



خێزانی" هانا "لەبەردەم دوو هەڵبژاردن بوون یا ئەوەتا دەبوایە بەردەوام بن بەپێدانی چارەسەر بۆ نەخشی شێرپەنجەکەی کە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی دەرئەنجامی خراپ بۆ ماسوولکەی دڵ ، یا دەبوایە ئەو چارەسەرییە بووەستێنن و دڵی لەهەر مەترسیەک بپارێزن، بەڵام ئەوان هەڵبژاردنی یەکەمیان پەسندکرد. بەڕاستیش هانا لە نەخۆشی شێرپەنجەکەی چاکبۆوە بەڵام دڵی زیانی زۆری بەرکەوت، پێویستی بە کۆمەڵێک لە دەرمان و بووژێنەری دڵ هەبوو. کاتێکش پێیان ڕاگەیاند کە تاکە چارەسەر ئەنجامی دانی ئەو نەشتەرگەرییەیە ئەوا " هانا " دەستبەجێ ڕەتی کردەوە، چونکە دەزانێت ئەگەری مانەوەی لە ژیاندا دوای ئەو نەشتەرگەرییە زۆر کەم دەبێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە دووبارە تووشی شێرپەنجەی خوێن ببێتەوە. دواتر ئەو دڵە دەستکردە ئەوپەڕی بۆماوەی ١٠ ساڵ دەتوانێ بەباشی کاربکات و "هانا"ش بەردەوام پێویستی بەچارەسەر دەبێت لەوماوەیەدا. هەر ئەم شتانە وایان لێکرد بڕیار بدات بگەڕێتەوە ماڵەوەیان لە نزیک هیرفۆرد بۆ بەسەربردنی ئەوەندە ژیانەی ماوە لە گەڵ ئۆلیڤەر، لویس و فۆبی تەمەن ١١ و ١٠ و ٤ ساڵان. " کیرستی " دایکیشی کە نەخۆشەوانێکی پسپۆڕە چاودێرییەکیووردی بکات.

باوکی " هانا"ش بەڕۆژنامەی دەیلی تەلێگرافی ڕاگەیاند" بەڕاستی ئەوان دەیانەوێت " هانا " بۆ زۆرترین ماوە لەگەڵیان بمێنێتەوە، ناچاری ناکەن بە ئەنجامدانی شتێک کە ئەو ڕەتی بکاتەوە، چونکە زۆربەی ژیانی لە نێوان ماڵ و نەخۆشخانە بردۆتەسەر بۆیە بەتەواوی بێزابووە لەم بارودۆخەی کە تێیدا دەژی.

**وەرگێرانی: هێژا عوسمان**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئیلاف**

---

# ڕاوەستانی ئۆتۆمۆبیل لە سەری سوچەکاندا

بەگوێرەی یاساو ڕێنوێنیەکانی هاتوچۆ، ڕاوەستان لەسەر سوچی شەقام و کۆڵانەکان قەدەغەیە، شۆفێرەکان دەبێ ١٠ مەتر دووری بۆ سوچی شەقام و کۆڵانەکان بهێڵنەوە، بەڵام ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە سەری سوچەکاندا بخشێنین، ئەو سەیارانە دەبینین کە بێباکانە ڕایانگرتووەو ڕێیان بەرتەسک کردۆتەوە، تەنانەت هەندێک جار ڕووداوی دڵتەزێنیشیان لێدەکەوێتەوە.

بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆ ئەگەر فەرمانبەرانی خۆی ڕەوانەی ئەو شوێنانە بکات، دەتوانێ سەرپێچیکاران دەست نیشان بکەن و سزایان بدەن. بێگومان سزادانی سەرپێچیکاران سوود بە کۆمەڵ دەگەیەنێ و کارەساتەکانیش کەمتر دەکاتەوە. لەلایەکەوە ئەوەی سزا بدرێ، هەوڵ دەدات جارێکی دیکە هەڵە نەکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە سزادان سوود بەداهاتی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆ دەگەیەنێ. کەواتە جێی خۆیەتی کە داوا لە بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆ بکرێ کە بەوردی چاودێری سەری سوچەکان بکەن و سزای هەموو ئەوانەش بدەن کە سەیارەکانیان ڕادەگرن و یاسا پێشێل دەکەن.

هەندێک لە شەقامی گەڕەکە میللیەکان بە ئەندازەیەک بەدەست ئەو دیاردەیەوە دەناڵێنن کە تەواو بێزارو نیگەرانن.

هەڵبەت زۆربەی شۆفێرەکان یاساو ڕێساکانی هاتوچۆ دەناسن، بەڵام گرنگی و بایەخی پێنادەن و بیر لە دیتران ناکەنەوە، هەندێک لەو شۆفێرانە پێیانوایە کە شەقامەکان تەنیا بۆ ئەوان دروست کراوە، بۆیە بێباکانە لەهەر شوێنێ ئارەزوویان لێبێ سەیارەکانیان ڕادەگرن، هەندێک جاریش خۆیان لە پۆلیسی هاتوچۆ تووڕە دەکەن و نازیان بەسەردا دەکەن، بەڵام نەرمی نواندن لەگەڵ ئەو شۆفێرانە دیاردەکەی زەقتر کردۆتەوە، پشێوی و قەڵەباڵغی دروست کردووە، لەم سۆنگەیەوە من داوا لە پۆلیسی هاتوچۆ دەکەم کە مەفرەزەی تایبەت پێکبهێنێ و لە شەقامی گەڕەکەکاندا بسوڕێنەوە، بێ سێ و دوو هەموو ئەوانە سزا بدەن کە سەیارەکانیان لە شوێنی قەدەغە ڕادەگرن، تەنانەت هەندێک لە خاوەن دوکانەکان وا دەزانن کە شەقامی بەردەم دوکانەکە موڵکی خۆیانە، بۆیە ڕۆژانەو بە بەردەوامی سەیارەکانیان لەو شوێنانە ڕادەگرن، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆ تکایە!

**شەونم بڵباس**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com